# وتاری هاوڕێ ابوبکر مدرسی لە ئاهەنگی ڕۆژی کۆمەڵە لە ئالمان

**میوانانی بەریز!**
**بەشداربووانو هاورێیانی خۆشەویست!**

لە لایەن خۆمو هەمو ئەندامانی کومیتەی ناوەندی کۆمەلە بەخێرهاتنتان دەکەم بۆبەشداریکردنتان لە ئاهەنگی ڕۆژی کۆمەلە لە ئالمان. زەحمەتتان کێشاوە زۆر زۆر بەخێر بێن.
پێش ئەوەی بچمە سەر چەند باسی گرینگی ئەم سەر دەمە، بە ڕەسمی هەمو ئاهەنگەکانی ڕۆژی کۆمەڵە یادێك دەکەین لە هەمو ئەو خۆشەویستانەی گیانی خۆیان لە ڕێگای ئامانجە بەرزەکانی بەشەرییەت واتە ئازادیو سۆسیالیزم بەخت کرد. هەر وەها سەری ڕێزو نەوازیش دادەنوێنم بۆ هەمو ئەو ئازیزانەی لە ریزەکانی کۆمەڵەو هەمو جولانەوەی رزگاریخۆازانەی گەلی کورد بەرەو پیری مەرگ چوون تا ئەو بزووتنەوەیە بۆ ئێمە زیندوو ڕاگرن. سەرئەنجام جیی خۆیەتی یادێك بکەین لە هاورێی تێکۆشەر کاك حمە حوسێنی کەریمی لە ڕێبەرانو دامەزرێنەرانی کۆمەڵە کە گیان بەخت کردنی لە ڕێزی پێشەوەی خەلکی تێکۆشەری شاری سەقز بوو بە سەرەتای چالاکی ئاشکرای کۆمەڵەو دەست پێکردنی لاپەرەیەکی تازەو نۆ لە خەباتی گەلی کورد لە ئێران بۆ بە دەست هێنانی ئازادیو مافی دیاری کردنی چارەنووس. بە واتەیەکی دیکە هاتنە مەیدانی بەشی ئاگاو تێکۆشەری چینی کرێکار بۆ پێشەوەی شانۆی خەباتی سیاسی لە کۆمەلگەی کوردەواری.

**میوانە بەرێزەکان! بەشداربووانو هاورێیان!**

زۆرتر لە سێ سال لەوە پێش کاتێك کە بەشێك لە ڕێبەرایەتی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران تەسمیمی گرت کە بە ناوی کۆمەڵەی شۆرشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران لەو حێزبە جیا بێتەوەو جارێکی دیکە هەلسورانی سەربەخۆی کۆمەڵە دەست پێ‌بکاتەوە،چاوەڕوانی نەدەکرد لە ماوەیەکی تا ڕادەیەکی کورتی سێ سالە ئامانجی ئاواگرێنگ بپێکیو دەسکەوتی ئاوا زۆر بە دەست بێنی.
بەرز کردنەوەی دروشمی لە باری سەردەم وەك فێدرالیسمو تەشخیسی ئالو گۆری سیاسی لە ئێران. یانی گۆرینی تەرازووی هێزەکان لە بەینی خەلكو حکوومەت بە قازانجی خەلك،کە بە دوای خۆیدا جمو جۆڵی زۆرتری خەلكو بوێری زۆرتری ئەوانی لە گەڵ خۆی دەهێنا لە ناو هۆیە سەرەکییەکانی ئەو سەرکەوتنە گەورانە بو کە بزاڤی ساغ کردنەوەی کۆمەڵە بە دەستی هێنا.

کۆمەڵە بە بەرز کردنەوەی دروشمی فێدرالیسم لە ئیڕان بە جێگای خودموختاری وەک ڕێگا چارەیەک بۆ کێشەێ نەتەوایەتی لە ئێرانو بە تایبەتی بۆ گەلی کورد، ئاستی جولانەوەی گەلی کوردی بە چەند قات بردە سەرێ: لە کەمایەتێکی زولم لێکراو کە حەقی خۆی دەوێ بۆ ئاستی داواکاری شەریکایەتێکی بەرامبەر لە گەل هەمو گەلانی دیکەی ئێران بۆ دامەزراندنو ئیدارەی کۆمەڵگایەکی سەربەستو دیموکراتیك کە تێیدا کەش ئەسل نییەو ئەوانی دیکە فەرع، شارۆمەندی دەرەجە یەکو دوومان نێیە، ئێرانێک کە کەس قسە کردن بە زمانی زگمانگی خۆی لە لای عەیب نێیەو بە خاتری ئەوە سەرکوت ناکرێ. تێیدا مەزهەبی ڕەسمی نییەو لامەزهەبی جورم نێیە. نە نەتەوەی بالادەست هەیەو نە نەتەوەی ژێردەست. بەو سیمایەوە بو کە کۆمەڵە لە

دەوری تازەوە وەک رێبەری بزووتنەوەیً رزگاریخۆازانەی گەلی کوردو لە هەمان کاتدا وەک پارێزەری بەرژەوەندی چینی کرێکارو هەژار پای نایە نێو شانۆی سیاسی کۆمەلگای کوردستان.
بە پێویستی دەزانم ئەوەش زیاد کەم کە بەرز کردنەوەی دروشمێکی ئاوا پێویستی بە چالاکی زۆرتری کۆمەڵە لە ئاستی سەرانسەری هەیە لە ئێرانو بە پێچەوانەی نەیارانی کۆمەڵە نە تەنیا کۆمەڵە ناباتەو نەیبردۆتە نێو لاکی "محلی گرائی"و بەرچاو تەنگی بەلکو هەرچی زۆرتر چ لە پێوەند لەگەڵ گەلانی دیکەی ئێرانو چ لە ناو هێزە شۆرشگێرەکانی ئێرانی فەعالتر بێت. هەر بە پێی ئەو بۆچوونە بوو کە کۆمەڵە لە کۆنفرانسی هەشتەمی خۆی لە هاوینی پاردا، پلاتفۆرمی پێکهێنانی ئێتلافێکی گەورەی دێمۆکراسی لە ئێران پەسەند کردو کردی بە بنەمایەیەک بۆ چالاکییەکانی داهاتووی خۆی لە ئاستی سەرانسەریدا.

پێویستە ئەوەش بکوترێ کە هێزو رێکخراوە چەپەکانی ئێران لە پێکهێنانی ئێتلافێکی پانوبەرین بۆ لایەنگریو هاندانی دێمۆکراسی واقێعی لە ئێران دەتۆانن‌و دەبێ دەورێکی بەرچاوو دیاریکەریان بێت. بۆ ئەوە هیچ رێگایەك نییە جگە لەوە بە سەر ئەو دوگمانە کە دەڵێ واقێعی دەرێ دەبی خۆی لەگەڵ تێئۆرییەکان رێکخا زاڵ بێتو بە جۆش خواردن لەگەڵ بزووتنەوەی خەڵکو گێرانی دەورێکی بەرچاو بۆ ئازادیو دێمۆکراسی بلوغی سیاسیو فیکری خۆی نیشان بدات.

باش وایە لە تەوەرێکی دیکە لە قسەکانم چەند روونکردنەوەیەک لە سەر پێکهێنانی بەرەیەکی کوردستانی لە ئێراندا لە خزمەت ئێوەدا باس کەم. کۆمەڵە لە کۆنفرانسی هەشتەم حەولدان بۆ پێکهێنانی بەرەیەکی بەرفراوان لە هێزەکانو کەسایەتێکانی کاریگەر لە بزووتنەوی کوردستانی خستە دەستوری کاری خۆی. ئیجازەم پێ بدەن ئێعتراف بکەم پێویستییەکانی پێکهێنانی بەرەیەکی کوردستانی ئەوەندە روونو ئاشکرایە کە دێفاع لێ کردنی زۆر جار سەخت دەکا. ئەگەر هێزە سیاسییەکان هێشتا ئامادە نەبن دەست بدەنە کارێکی ئاوا نابێ ئەوە بە حیسابی زوودرەس بوونی تەرحی ئەو مەسەلەیە دانێن. ئێمە کەندو کۆسپەکانی سەر رێگای پێکهێنانی بەرە بە باشی دەزانینو بۆ لابردنیشی هەمو توانای خۆمان بە کار دێنین چونکە بۆ بەرز کردنەوەی دروشمێکی ئاوا هیچ شتێک هاندەری کۆمەڵە نەبۆ غەیری وەلامدانەوە بە پێویستێکی مێژوویی‌و بەجێهێنانی ئەرکی حیزبێکی سیاسیو پێشکەوتنخواز کە وەزیفەی رێبەریو بە سەرکەوتن گەیاندنی جولانەوەی خەلکی لە پێش پێی خۆی داناوە.
واقعییەت ئەوەیە یەک دەنگ بوون لە شێعارە سەرەکییەکانو یەکگرتوو زاهیر بوون لە بەرامبەر حکوومەتی مەرکەزی لە فاکتۆرە ئەسلییەکانی بەسەرکەوتنگەیاندنی ئەو بزووتنەوەیە بە کەمترین زەررو زیانی ئینسانیو ماددی. ئەو نوکتەیە نە تەنیا لە باری نەزەریشەوە قابیلی دیفاعە، بەلکو ئەزمونەکانی مێژووی 25 سالەی جولانەوەی رزگاریخوازانەی خەلك لە کوردستانی ئێرانیش ئەو راستییە دەسەلمێنن. حەولدان بۆ یەک دەنگ کردنی خەباتی خەلك لە رێگەیەک غەیری یەک گرتنو هاوکاریو بە تایبەت بە مەبەستی حەزفو لاواز کردنی لایەنەکانی دیکە جگە لە ناکامیو زەرەرو زیان هیچ ئاکامێکی دیکەی لێ نەبۆتەوەو نابێتەوە. بەرەیەکی ئاوا باشترین جێگایە بۆ بەرپرچ دانەوەی هەمو ئەو مەترسییانەی لە دەرەوەو ناوەوە هەرەشە لە جولانەوەی خەلکی کورد دەکا.

ئەو بەرەیەی کۆمەڵە دەیهەوێت هەلبەت دەبێ لە سەر بنەمایەکی پێشکەوتوو سکولار دامەزرێت. هەروەها جێ خۆیەتی جولانەوەی خەلکی کورد لە ناو ئۆپۆزیسیونی ئێراندا نۆێنەرایەتی بکاتو وەزنی جولانەوەی کورد بۆ دەستەبەرکردنی مافە رەواکانی بە هێزتر کات.

لێرەدا بە پێویستی دەزانم لە سەر لایەنێکی دیکەی سیاسەی کۆمەڵە قسە بکەم کە بریتییە لە هەڵوێستی نەگۆری هاوخەباتیو پشتیوانی لە خەباتو تێکۆشانی خەلکی کورد لە کوردستانی عێراق. خەلکی کوردستانی باشوور دوای خەباتێکی دوورودرێژ لە دژی سیاسەتی داپڵۆسین، پاکسازی قەومیو ژنۆساید، دوای تێپەر بوونی زۆرتر لە دەیەیەک لە سەر بەخۆییو حاکم بوون بە سەر ولاتی خۆیان، هێشتا نە تەنیا لە لایەن ناسیۆنالیسمی عەرەبو دەولەتانی ناوچەوە بەلکو لە لایەن بە ئێستلاح جامیعەی نێونەتەوەیشەوە لە گەڵ موشکلی بە رەسمییەت ناسین وەک نەتەوەیەکو هەبوونی مافی دیاری کردنی چارەنووس بەرەورون. جولانەوەی رێفراندۆم ئێعترازی نەتەوەیەکە کە نایەوێت تاریخ دووپات بێتەوەو جارێکی دیکە بێ پرس کردن بە رای خۆیان چارەنووسیان رەقەم لێبدرێ.

ئێمە بە تەواوی مەعناوە لەم داخۆازێیە رەوایە پشتیوانی دەکەینو داوامان ئەوەیە هەر تەسمیمێك لە سەر چارەنووسی عێراق بگیرێ یا دانانی هەر دەستورێک بۆ ئەو ولاتە پێشتر دەبێ دەنگی کوردی عێراق ببیسترێو لە بەر چاو بگێرێ.

بە پێویستی دەزانم هەر چەند کورتو موختەسەر چەند لایەنێکی دۆخی سیاسی ئێستای ئێرانیش باس کەم. لە ئێران بۆ هەوەڵین جار خەلك یان لانی کەم بەشێکی بەرچاو لە وان دەستیان دایە تەحریمی شانۆگەری هەڵبژاردنی پارلەمان لە ئێران. تەنانەت ئەگەر ئامارەکانی دەولەتیش بکەینە مەبنا ئەم هەڵبژاردنە کەمترین رێژەی بەشداربووانی بە نیسبەت هەمو هەڵبژاردنەکانی پێشووی بە خۆیەوە دیوە. باڵی ئێسلاح خۆاز دەیەوێت ئەو تەحریمە پێوەند بداتەوە بە پشتیوانی خەڵک لە خۆیانو ماجەرای رەدی سەلاحییەتەکانی شۆرای نیگابان. ئەوە دروست نێیەو تەحریمی ئەم جارەی خەڵک لە دژی هەمو بنەماکانی کۆماری ئیسلامی بوو. خەڵکی لایەنگری رێفۆرم هەر لە زۆوەو بە تایبەتی لە ماجەرای هەڵبژاردنەکانی شۆرای شاری تاران کە بە پێچەوانەی ئەم جارە رێفۆرم خۆازەکانی دەولەتی بەشداری گەرموگوریان تێدا کردبو بە بەشداری نەکردنیان، نیشانیاندا کە تا رادەیەکی زۆر پشتیان لە وان هەڵکردوو هیوایان پێیان نەماوە. لە کوردستان دەتۆانین بە جۆرئەتەوە بلێین لە گەڵ بایکۆتی گەورەی سندووقەکانی دەنگدان روبەرو بووین.

مەبەستی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی یەکدەست کرنەوەی حکومەت لە ئێرانە. لە هەمان کاتدا بە دەست تێوەردان لە رێژەی بەشداربووان لە هەڵبژاردنەکەدا دەیانەوێت بە تایبەت لە بەر چاوی رای گشتی جیهانی شەرعییەت بۆ خۆیان بکرنو سیاسەتی داپڵۆسین لە ناوەوە و سازان لە گەڵ دەرەوە بە رەچاو کردنی مۆدێلی چینی بکات بە سیاسەتی دەوری داهاتویان. بەڵام بە لەبەرچاوگرتنی هەمو ئەو زانیاریانەی رای گشتی جیهانیش لە سەر ئەو شانۆگەرێ درۆێنەی هەڵبژاردنەکەی پارلەمان بە دەستی هێناوە، بۆ دەولەتەکانی غەرب زۆر هاسان نیەیە لە سەر کەینو بەینی جارانی خۆیان لە گەڵ کۆماری ئیسلامی بەرداوام بنو رای گشتی ولاتەکەی خۆیان لەبەر چاو نەگرن. لە لایەکی دیکەشەوە بۆ کۆماری ئیسلامیش گەراندنەوەی کۆمەلگای ئێران بۆ دە سال لەوە پێش کارێکی سەهلو ئاسان نابێت.

ئاڵو گۆڕەسیاسییەکانی ئێران زۆر فاکتۆری دیکەی هێناوەتە کایەوەو ئەرکو مەسئولییەتی زۆر گرینگی خستۆتە سەر شانی ئەو هێزە سیاسی‌یانەی بەرێوە بردنو بە سەرکەوتن گەیاندنی جولانەوەی خەڵکیان لە پێش خۆیان داناوە. بە داخەوە هەرەس هێنانی پێگەی کۆمەلایەتی رێفۆرم خۆازی دەولەتی بە مانای ئەوە نییە کە خەڵک هەر ئێستا روویان کردۆتە شۆرش بۆ ئەوەی کاری کۆماری ئیسلامی لە شەقامەکان یەک سەرە کەنەوە. هۆکاری سەرەکی ئەم وەزعە نەبوونی سەرکردایەتیکی سیاسییە کە زۆربەی خەڵک بە تایبەتی چینی هەژارو بن دەست قەبوولی بێتو وەدوای کەوێت.
ئاشکرایە کە دەبێ بۆ خولقاندنی دۆخێکی ئاوا حەول بدرێ چونکو گۆرانکارێکی شۆرشگێرانە کە لە قوولایی دڵی کۆمەڵگاوە هەستابێت باشتر لە هەر ئاڵوگۆرێکی دیکە شوێنەوارەکانی دیکتاتۆری مەزهەبی دەسرێتەوەو رێگا بۆ بەر فراوانترین دیمۆکراسی لە ئێرانو لە نێهایەتدا رێگە بەرەو سۆسیالیسم خۆش دەکات.
لە لایەکی دیکەوە ئێستا کە ریفۆرمخۆازی لە پاوانی رێفۆرمخوازانی دەولەتی هاتۆتە دەرێو کەوتۆتە بەرەی ئۆپۆزێسیۆن، نیزیک بوونەوەیەک لە بەینی نەیارانی کۆماری ئیسلامی لە ناوەوەو لە دەرەوەی ولات هەم لە زمانی سیاسی رۆژانەو هەم داخوازییەکاندا پێک دێنی کە بە قازانجەو دەبێ کەڵکی لێوەربگیرێ. نوکتەی سرنج راکێش ئەوەیە کە باڵی پاوانخوازو موحافیزەکاری کۆماری ئێسلامی لە سەر چاککردنی وەزعی ئابووری خەڵک لە دەوری داهاتودا قسە دەکا. لە حاڵێکدا تەواوی شەری ئەوانو خۆ لە داروبەرددانیان بۆ راگرتنی دەسەلات لە نیهایەتدا بە مەبەستی پارێزگاری لە سەروەتو سامانێك‌دایە کە بە غارەتو تالانو برۆ بە دەستیان هێناوە. بۆ ئێمە وەک هێزێکی سۆسیالیست کە ئامانجی نیهایی‌مان نەهێشتنی چەوسانەوە لە کۆمەلگادایەو جاککردنی باری گۆزارانی خەڵک، هەلبەت نە بە قیمەتی لە بیرچوونەوەی ئازادێیە سیاسییەکانو مافە سەرەتایەکان، لە دەستوری کاری هەمیشەی‌مان دایە بۆمان روونو ئاشکرایە کە کرێکاران لە هەوەلین هەنگاوەکانیان بۆ باشتر کردنی ژیانی رۆژانەیان هەر بەرەنگاری ئەو کۆنەپەرستانە دەبنەوە کە ئێستاو بۆ فریوی خەڵک ئەو شوعارانە دەدەن.

**میوانانی بەرێز! دۆستانو هاورییانی خۆشەویست!**

خەڵکی کورد 25سال لەوە پێش جارێك لە رێفراندۆمی کۆماری ئێسلامی ولامی **نای** خۆیانیان بە راشکاوی راگەیاند. دوابەدوای ئەوە لە شەرێکی جەکدارانەی پانو بەرین لە دژی هێرشی کۆماری ئێسلامی بۆ کوردستان شۆرشگێرانە راوەستانو بەرەنگاری بوون. ئەوکاتیش کە ئیمکانی درێژە پێدان بە شەری چەکدارانەیان نەما لە هەر شێوەیەکی دیکەی خەبات بۆ نیشاندانی نارەزایەتی‌و ئێعتراز کەڵکیان وەرگرتووە. ئێستاش بۆ جاری دووەم لە جەریانی شانۆگەری هەڵبژاردنی مەجلیسی حەوتوم ولامی **نای** دووەمی خۆیان بە کۆماری ئیسلامی بە راشکاوی راگەیاند.
بێشک ئەو هەڵوێستە هەستی رقو کینەو نیفرەت لە دڵی رەشی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی لە حەق خەڵکی کورد زیاتر دەکات. بۆیەش ئەگەر بێتو کۆماری ئیسلامی بتۆانێ دەست بداتە سەرکوب و داپلۆسین، رووی تیژی ئەو سیاسەتەی بەر لە هەمو شتێک بەرەو خەڵکی کورد دەکاتەوە. ئێمە پێشتریش لە بارەی درێژە پێدان بە ئێعدامە سیاسییەکانی کۆماری ئیسلامی هوشدارمان داوە. ئێستاش لەو مەجالە کەڵک وەردەگرمو رادەگەیەنم کە ئازادیخوازانی راستەقینەی ئێران،هەمو لایەنگرانی سادقی رووخانی کۆماری ئیسلامی نابێ خەڵکی کورد کە تا

ئیستا پێشاهەنگی خەبات لە دژی رێژیم بووە لە بیر کەنو بە گشتی لە خەباتو داخوازییەکانی پشتیوانی بکەن.

زۆر سۆپاس بۆ ئەوەی گۆێتان گرت بۆ قسەکان و بەو هیوایە شەوێکی خۆش ببەنە سەر.

28-02-2004